# گەورەترین خۆپیشاندان لە ستۆکهۆلم

لە رۆژی 28 10 2007  لە گۆرەپانی ناوەندی شاری ستۆکهۆلمی پایتەختی سوید، گەورەترین و زۆرترین نارەزایی و هەست دەربرین و شیعر خوێندنەوە و وتاری سیاسی و هاورێیەتی سویدان بۆ دژایەتی هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان سازکرا،
کوردستانیانی هەموو سوید، گەنج وپیرو ژن و پیاو، دەست بەکامیرا و رووناکبیرو سترانبێژو باکوورو باشوور ئامادەبوون، بەیەکەوە بۆ پیرۆزیی سنوورو کوردستان و یەکێتی دەنگیان هەڵبڕی، زۆربەی هونەرمەندان هاواریان کرد، سروودیان وتەوە، بەیەکەوە دژی سوپای تورکیا نارەزاییان وتەوە.
سکرتێری پارتی چەپی سویدی و سۆسیال دیموکراتەکان، بە سۆزەوە بانگی حکومەتی سویدیان کرد هاوکاری کوردان بکەن، بەیەکەوە بە سۆزەوە نارەزاییان هەبوو، ئامادەبوون بۆ ماوەی 3 سەعات بەیەک دەنگ وەستان و چەپلەیەن بۆ یەکێتی نەتەوەیی و کوردستان لێدا.
ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە پەرژین و یەکرێزی و هاوسۆزی بوون، ئەو گۆرەپانە ببووە کوردستان و ببووە دەنگی نەترس و یەکێتی دژ بە داگیرکەران.

شێرزاد هەینە سوید







LINDEX
2007.10.28 14:19


2007.10.28 15:12